## دەکرێت هەموو شتێک دادپەروەرانەتر بکرێت

ئێمە کۆمەڵگەیەکمان دەوێت کە دادپەروەرانە بێت بۆ هەمووان. دادپەروەری بریتییە لە دادخوازی و ئەوەش کە بڕیارە سیاسییەکان بارگرانیی هیچ کەسێک بە شێوەیەکی نەگونجاو زیاتر ناکەن. ئێمە پێمان وایە دادپەروەرانەیە کە بەرپرسیارێتی بە هاوسەنگی دابەش بکەین، بە شێوەیەک کە بناغەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بەبەهێزی بمێنێتەوە.

ئێمە فینلاندێکمان دەوێت کە تێیدا خەڵک بتوانێت لە نۆرەگرتن دەرباز بێت و بەخێرایی چارەسەر وەربگرێت. ئێمە دەمانەوێت گەرەنتی چارەسەرکردن لە ماوەی دوو هەفتەدا، لە سەرتاسەری فینلاند جێبەجێ بکەین و بگوازینەوە بۆ مۆدێلێکی پزیشکی کەسی و پەرستاری کەسی، کە بەڕاستی گونجاو بێت.

بۆ ئێمە گرنگە کە ئەنجامی فێربوونی منداڵان و گەنجان بەرەو باشتر بگۆڕدرێت. ئێمە دەمانەوێت فێرگەکان ژینگەیەکی ئەمین و باش بن بۆ فێربوونی منداڵان و گەنجان و بۆ وانەوتنەوەی مامۆستایان. ئامانجمان کەمکردنەوەی قەبارەی گرووپی پۆلەکانە بۆ ئەوەی مامۆستایان کاتێکی زیاتریان بۆ فێرخوازان بۆ بمێنێتەوە.

ئێمە نامانەوێت پەرستار و مامۆستا و پۆلیس و فرۆشیار و کرێکارانی چێشتخانە و چەندین کرێکار و کارمەندی تر بخەینە ناو چاڵی مووچەی هەتاهەتاییەوە. ئێمە دەمانەوێت ژیانی کارکردن پێکەوە بە ڕێککەوتن و بنیاتنانەوە پەرەی پێبدرێت نەک بە پچڕاندن و مشتومڕ.

سیاسەت هەمیشە پەیوەندیی بە هەڵبژاردنی بەهاکانەوە هەیە. حکومەتی ڕاستڕەو، فینلاند بە ئاراستەیەکی هەڵەدا دەبات. بۆیە دەبێت لە شارەوانی و ناوچە خۆشگوزەرانییەکاندا بڕیار بۆ باشترکردنی ژیانی ڕۆژانەی هەر یەکێکمان بدرێت.

دەمانەوێ متمانەی خەڵک بگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی کە دەکرێت کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەمان هەبێت و بارگرانیی هیچ کەسێکیش نەگونجاو نەبێت. دەکرێت هەموو شتێک دادپەروەرانەتر بکرێت هەر شتێک دادپەروەرانە بێت، گونجاویشە. هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و هەرێمەکان لە بەهاردا، پەیوەندیی بە ئەمەوە هەیە.

## خیراکردنی دەستڕاگەیشتن بە چارەسەرکردن

بەڕای ئێمە پێویستە هەمووان بتوانن متمانەیان بەوە هەبێت کە لە کاتی پێویست و لە کاتی گونجاوی خۆیدا چارەسەر وەردەگرن، بەبێ گوێدانە هەژاری و دەوڵەمەندیی کەسەکە.

پێویستە زیاتر لە ئێستا، هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە لە چاودێریی تەندروستیی بنەڕەتی و خۆپاراستن لە نەخۆشی، بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگری لە خراپتربوونی نەخۆشییەکان بکەین و پێویستیی خزمەتگوزاریی گرانبەها کەم بکەینەوە. ئێمە پێداگری دەکەین لەسەر دەستڕاگەیشتن بە چارەسەرکردن لە ماوەی دوو هەفتەدا لە چاودێریی تەندروستیی بنەڕەتی، سەبارەت بەو چارەسەرانەی پەلە نیین، لە سەرتاسەری فینلاند. لە چاودێریی تەندروستیی دەم و ددانادا، دەبێت لە ماوەی سێ مانگدا چارەسەر وەربگیرێت.

دەبێت لە چاودێری تەندروستیی بنەڕەتیدا، مۆدێلی پزیشکی کەسی و پەرستاری کەسی بەکار بهێندرێت. ئەمەش خزمەتگوزاری و ڕازیبوونی سەردانیکەران باشتر دەکات و تێچووەکانیش کەم دەکاتەوە.

دەبێت لە کێشەی تەندروستیی دەروونیشدا بە خێرایی چارەسەر وەربگیرێت. دەبێت خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکانی قۆناغی یەکەمی تەندروستیی دەروونیی بەردەست بن و هەمووان بە ئاسانی دەستیان پێیان بگات. دەستنیشانکردنی کێشەکانی تەندروستیی دەروونی لە پەیوەندی لەگەڵ چارەسەرەکانی تردا پێویستیی بە باشترکردن هەیە.

دەبێت بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان و پێشوازیلێکردن لە دوورەوە و خزمەتگوزاریی گەڕۆک و کاتگرتنی ئەلیکترۆنی، بەردەستبوونی خزمەتگوزارییەکان لە هەموو ناوچەکانی خۆشگوزەرانیدا باشتر بکرێت. جگە لەمانە، پێویستە وەک پێشتر، سەردانیی کردەیی یان پەیوەندیی تەلەفۆنیش دابین بکرێت.

## با ئەنجامی فیربوونی منداڵان و گەنجان باشتر بکەین

پێویسته خوێندنی بنەڕەتیی جۆرایەتیی باش و پشتگیریی فێربوون و بەرنامە و ماددەی فێربوونی پێویست بۆ هەموو منداڵێک لە فیرگەی نزیکدا دابین بکرێت. پێویستە لە باخچەی ساوایان و فێرگەکاندا ژمارەیەکی پێویست لە گەورەساڵانی ئەمین و لێهاتوو هەبێت. دەبێت لە خوێندنی پیشەییدا، مشووری بڕی وانەوتنەوەی ناو پۆل بخورێت.

خوێندنی دوو ساڵەی پێش فیرگە، ئامادەیی منداڵان بۆ فێرگە بەهێز دەکات و یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو منداڵان هەمان دەرفەتی فێربوونیان هەیە. پێویستە هەموو منداڵێک لە کاتی دەستپێکردنی خوێندندا شارەزایی پێویستی زمانیی هەبێت. بۆیە پێویستە فێرکاریی فینلاندی یان سویدی، وەک زمانی دووەم (S2) تازە بکرێتەوە و زیاد بکرێت.

دەبێت بە سنووردارکردنی بەکارهێنانی شیوێنەرانەی مۆبایل لە وانەکاندا، بە بەهێزکردنی ئازادیی پێداگۆگیی مامۆستایان بۆ بڕیاردان لەسەر شێوازی فێربوونی گونجاو و بە هێشتنەوەی قەبارەی گروپەکان بە ڕادەیەکی پێویست بچووک، ئارامیی دەروونی بۆ فێربوون لە فێرگەکاندا دابین بکرێت. ئامانجمانە کە قەبارەی گروپەکان لە خوێندنی بنەڕەتیدا لە ٢٠ خوێندکار زیاتر نەبێت، بەتایبەتی پۆلەکانی خوارەوە.

پێویستە کارمەندانی فێرگە و دامەزراوە پەروەردەییەکان ئامرازی پێویستیان هەبێت بۆ ڕێگریکردن لە پشێوی و دەسەڵاتی دەستتێوەردانیان زیاد بکرێت.

پێویستە بەرپرسیارێتیی دایکان و باوکان بۆ بەشداریکردن لە هاوکاریی نێوان فێرگە و ماڵدا بەهێزتر بکرێت. دەبێت هاوکاریی نێوان فێرگە و ماڵ، پاڵپشتیی سەرپەرشتیاران بکات.

دەبێت زیادبوونی تێکهەڵچوونی دەروونیی منداڵان و گەنجان و ئاستەنگەکانی بەتواناییان لە شارەوانییەکان و ناوچەکانی خۆشگوزەرانیدا بە جددی وەربگیرێت. پێویستە فێرگەکان باشترین شێوازەکان بگرنەبەر بۆ پشتگیریکردن لە خۆشگوزەرانیی منداڵان و گەنجان، بۆ نموونە سەبارەت بە ڕیتمی ڕۆژانە. پێویستە چالاکییەکانی بەیانی و پاشنیوەڕۆ تازە بکرێنەوە و ببن بە بەشێک لە ڕۆژی خوێندن.

پێویستە فێرگەکان هەوڵەکان چڕ بکەنەوە لە دامەزراندنی کەسانی جێگرەوەی هەمیشەیی. دەبێت بە یارمەتیی مۆدێلی کارپێکردنی فێرگە و دامەزراوە پەروەردەییەکان و بە باشترکردنی توانای هەست و سۆز و کارلێککردنی منداڵان و گەنجان، گێچەڵکردن کەم بکرێتەوە.

پێویستە کاری گەنجان لە فێرگە و دامەزراوە پەروەردەییەکان پەرەی پێبدرێت و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری بۆ منداڵان و گەنجان باشتر بکرێت.

دەبێت پەروەردەی سەرەتایی منداڵی و خوێندنی پێش سەرەتایی کە پاڵپشتی گەشەکردن و فێربوون دەکەن، بۆ هەموو کەسێک دەربەست بن. هەروەها پێویستە خزمەتگوزاری و خولیاکانی تری منداڵان و گەنجان لە پەیوەندی لەگەڵ فێرگەی نزیکدا کۆ بکرێنەوە. بە پاڵپشتیکردنی خولیاکان، ڕێگری لە پەراوێزخستن دەکەین و تەنیایی کەم دەکەینەوە.

دەبێت شارەوانییەکان دڵنیایی بدەن لەوەی کە خوێندنی ئامادەیی بەڕاستی بێبەرامبەر دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو گەنجێک دەرفەتی تەواوکردنی خوێندنی ئامادەییی هەبێت.

دەبێت خزمەتگوزاریی خۆپارێزی و بێبەرامبەر کە بە ئاستەنگێکی کەم دەست بکەوێت، هێڵی سووری سیاسەتی خێزانی بێت. ڕێکخراوەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن وەک بەرهەمهێنەر و شارەزای ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بە ئاستەنگێکی کەم دەست دەکەون و پێشکەش بە خێزانەکان دەکرێن. لە منداڵپارێزیدا، پێویستە بگوازینەوە بۆ چالاکییەکانی پێشگریی پێشوەخت و ئەو چالاکییانەی کە جەخت لە خیزان دەکەنەوە.

دەکرێت تێکهەڵچوونی دەروونی لە منداڵان و گەنجاندا، وەک توندوتیژی دەربکەوێت. کاریگەرترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، هاوکاریی فرەبوارییە کە سەرپەرشتیاری منداڵ یان گەنجیش دەگرێتە خۆ.

پێویستە هەر شارەوانییەک ستراتیژیەتی هەبێت بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی لە پەروەردەی سەرەتاییەوە تا خوێندنی ئامادەیی، کە چۆنییەتیی پاڵپشتییەکە و سەرچاوەی تواناکانی تێدا ڕوون بکرێتەوە.

## با ئەو خزمەتگوزارییانە دەستەبەر بکەین کە بۆ بەساڵاچووان دەگونجێن

پێویستە بەساڵاچووان، بە یارمەتیی خزمەتگوزارییە کاراکان پیرییەکی ئەمینیان بۆ دابین بکرێت. دەبێت دڵنیا بین لەوەی کە خزمەتگوزارییەکان یان دامەزراوەکانی چاودێری کە پێداویستیی بەساڵاچووان دابین دەکەن، لە کاتی پێویستیدا بەردەست دەبن. دەبێت هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە لە سازدانەوەی بەساڵاچووان و نیشتەجێبوونی کۆمەڵایەتی و ئەو خزمەتگوزارییانە بکرێن کە دەتوانرێت ببرێنە ماڵەوە و توانای کارگێڕییان دەپارێزێت.

بەرای ئێمە نابێت سەودا لەسەر ستافی چاودێریی بەساڵاچووان بکرێت، بۆ ئەوەی جۆرایەتیی چاودێریکردن لاواز نەبێت و باری کارمەندانیش قورستر نەبێت.

دەبێت پێوەرەکانی چاودێری کەسوکار لە سەرتاسەری وڵاتدا هاوتا بن، خزمەتگوزارییەکانی پشتیوانی بەردەست بن و ئەو بڕە پارە پشتگیرییەی کە دەدرێت بۆ چاودێری کەسوکار ڕەچاو بکرێت. پێویستە بتوانرێت لە ئێستا، زیاتر پشتگیریی ئەو کارمەندانە بکرێت کە چاودێریی دایک و باوکە بەساڵاچووەکانیان دەکەن، بۆ ئەوەی توانای بەردەوامبوونیان لە بارودۆخی بارگرانی ژیانی کارکردندا هەبێت.

## ئابووری و گەشەسەندنێک کە بەرگە دەگرێت وەک ڕێخۆشکەرێک بۆ خزمەتگوزارییە بنەڕەتییە بەهێزەکان

دەبێت شارەوانییەکان سەرنجیان لەسەر ئەو کردارانە بێت کە گەشەکردن و دامەزراندن بەهێز دەکەن بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان دابین بکرێن. دەبێت ئەرکی داپۆشینی کورتهێنانەکانی ناوچە خۆشگوزەرانییەکان درێژ بکرێتەوە بۆ ئەوەی ناوچەکانی خۆشگوزەرانی دەرفەتیان هەبێت پەرە بە کارەکانیان بدەن بەبێ لێبڕینی کورتبینانە کە خزمەتگوزارییەکان دەخەنە مەترسییەوە.

ئێمە دەمانەوێت دڵنیا بین لەوەی کە یاساکانی فینلاند و یاساکانی کار و ڕێککەوتنی مەرجەکانی کار، هەمیشە لە وەبەرهێنان و بەدەستهێنانەکاندا پەیڕەو دەکرێن کە بە سندوقەکانی باجی گشتی پارەیان بۆ دەدرێت. بەمانە پێگەی کارمەندان دابین دەکرێت و دامەزراندن و توانای پێشبڕکێی کۆمپانیا فینلەندییەکان بەهێز دەکرێن، هەروەها ڕێگری لە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دەکرێت.

### شارەوانییە بەهێزەکان

پێویستە شارەوانییەکان هەوڵەکان چڕ بکەنەوە لە کارایی خزمەتگوزارییەکانی دامەزراندن و دروستکردنی مۆدێلی کارکردنی نوێ و کاریگەرتر. هەروەها دەبێ خزمەتگوزارییەکانی دامەزراندن کە وەک خزمەتگوزاریی کڕین بەرهەم دەهێنرێن، هەوڵەکان چڕ بکەنەوە لەسەر کاریگەریی خزمەتگوزارییەکە.

دەبێت خزمەتگوزارییەکانی دامەزراندن و کاسبیکردن لەسەر بنەمای یەک پەیوەندی پێشکەش بکرێن و پێویستە پێداویستییەکانی کارخوازان و کاسب و خاوەنکارانی ناوچەکە دابین بکەن. دەبێت خزمەتگوزارییەکانی دامەزراندن، پشتگیری لە دامەزراندنی خێرا و پێداویستیی تاکەکەسیی خەڵکیش بکەن. ئامانجمان ئەوەیە کە بکرێت هەر کەسێک بەپێی توانای خۆی بخرێتە سەر کار.

پێویستە خزمەتگوزارییەکانی گۆڕەپانی بازاڕی کار تێ ئێ (TE) ،پشتگیریی کۆمپانیاکان بکات لەو بابەتانەی پەیوەندییان بە دامەزراندنەوە هەیە و یارمەتیان بدات بۆ دامەزراندنی ئەو کەسانەش کە پێگەی بازاڕی کاریان لاوازترە. دەبێت لایەنی کەم لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمدا خزمەتی ڕاهێنان پێشکەش بە خاوەنکاری تازە بکرێت.

جێنشینبوون ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە لە دامەزراندندا. دەبێت شارەوانییەکان، خزمەتگوزارییەکانی کۆچەری لەسەر بنەمای کار و جێنشینبوون پەرە پێ بدەن و کاریگەریی خزمەتگوزارییەکان لە قۆناغی سەرەتایی جێنشینبووندا زیاتر بکەن هەروەها دڵنیا بین لەوەی کە خزمەتگوزارییەکانی تر پشتگیری لە نیشتەجێبوون و جێنشینبوون لە فینلاند، دەکەن.

لە شارەوانییەکان دەبێ هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە لە فێربوونی خێرای زمانی فینلاندی یان سویدیی و هەروەها لە دەستپێکردنی خوێندن و چوونەسەرکاری کۆچەران. پێویستە خزمەتگوزارییەکانی کۆچەری لەسەر بنەمای کار، لە یەک شوێندا کۆ بکرێنەوە بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەکانی تردا. پێویستە چالاکانە ڕووبەڕووی بەربەستەکانی بەردەم دامەزراندن، وەک هەڵاواردن لە کاتی گەڕان بەدوای کاردا ببینەوە.

پێویستە شارەوانییەکان بەتایبەتی برەو بە جێنشینبوونی دایکانی کۆچەر بدەن کە ئەمەش خۆشگوزەرانیی خێزانەکانیش و دەرفەتی منداڵەکانیش بۆ سەرکەوتن و تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگەدا زیاتر دەکات.

پێویستە شارەوانیەکانبناغەیەکی بەهێز بۆ کاسبیکردن دروست بکەن و ئەرکیانە کە هاوکاریی چڕوپڕ لەگەڵ کۆمپانیاکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان و بڕیاردەرەکان بکەن. پێویستە شارەوانییەکان دڵنیا ببن لەوەی تەنانەت کۆمپانیا بچووکەکانیش پێشمەرجی سەرکەوتنیان لە پێشبڕکێی کەمکردنەوەدا هەبێت. ئەمە بۆ نموونە بە گونجاندنی پێوەرەکانی پێشبڕکێیەکان ڕوودەدات.

پێویستە شارەوانییەکان بەتایبەتی جێبەجێکردنی وەبەرهێنانی سەوز بەرەوپێش ببەن. پێویستە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییە گرینگەکانی کۆمەڵگە، وەک چاودێریکردنی ئاو، لە دەستی خۆیاندا بمێنێتەوە. پێویستە شارەوانییەکان نموونەی شێوازی ئابووریی بازنەیی بن و پێویستە کە بەدەستهێنانەکان لە بەرژەوەندیی گەشەپێدانی بەردەوامدا بێت.

**ناوچە تەندروستییە چڕوپڕەکان**

دەبێت شتەکان لە ناوچەکانی خۆشگوزەرانیدا باشتر ئەنجام بدرێن بۆ ئەوەی بکرێت لەبری هەڵوەشاندنەوەی خزمەتگوزارییە گرینگەکان دەستەبەر بکرێن.

پێویستە ئەو کردانەی کە دەرکەوتووە پەسەندن لە ناوچەکانی خۆشگوزەرانیدا بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە ئێستا بەکار بهێنرێن. دەکرێت زیاتر لە ئێستا زیرەکیی دەستکرد لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان و تۆمارکردنی نەخۆش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، بەکار بهێنرێت. پێویستە پرۆسەکانی چارەسەرکردن، بە شێوەیەکی گشتگیر تازە و چڕوپڕ بکرێنەوە. پێویستە کاتێک کە سەردانەکانی کۆنترۆڵکردن سوودێکی بەرچاویان نەبێت، کەم بکرێنەوە.

پێویستە لە چاودێریی تەندروستیی گشتیدا، سیستەمی بەرزترین ئاستی نرخ بۆ بەکارهێنانی هێزی کاری کاتی، جێبەجێ بکرێت. پێویستە بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە ئێستا مامەڵە لەگەڵ چڕبوونەوەی لەڕادەبەدەر لە خزمەتگوزارییە تەندروستییە تایبەتەکان و بەرزبوونەوەی نرخەکان بکرێت. پێویستە ڕێساکانی چالاکیی پێشبڕکێ لە کەرتی گشتی و تایبەتدا توندتر بکرێنەوە.

پێویستە بودجە بۆ چالاکییەکانی توێژینەوە و پەرەپێدان و داهێنان لە ناوچە خۆشگوزەرانییەکاندا پەرە پێ بدرێت، هەروەها پێویستە بودجە بۆ توێژینەوەی بنەڕەتیش تەرخان بکرێت.

پێویستە قەرەبووکردنەوەی خەرجییەکانی هاتوچۆ بە تەواوی لە کێڵاوە بۆ ناوچەکانی خۆشگوزەرانی بگوازرێتەوە.

## هەوڵەکان لە خۆشگوزەرانیی کارمەنداندا، وەک بەردی بناغەی خزمەتگوزارییەکان چڕ دەکەینەوە

بەڕێوەبردنی باش تواناکانی بەردەوامبوونی کارمەندان و خۆشگوزەرانیی ئەوان باشتر دەکات و شوێنی کاریش سەرنجڕاکێشتر دەکات. ئێمە پابەندین بە ئامانجی کەمکردنەوەی بەرچاوی ئامادەنەبوون بەهۆی نەخۆشییەوە، لە شارەوانییەکان و ناوچە خۆشگوزەرانییەکان.

پێویستە کارمەندان هان بدرێن بۆ ئەوەی کارەکانیان ئەنجامێکی باشی هەبێت و بەرهەمهێنان باشتر بکەن، بەجۆرێک کە ئەنجامە باشەکە لە داهاتی کارمەندەکانیشدا ببینرێت. دەکرێت کارمەندان خەڵات بکرێن، بۆ نموونە لە ڕێگەی سندوقی کارمەندانەوە.

لە هەموو شارەوانی و ناوچەیەکی خۆشگوزەرانی فینلاند، دەبێت دەرفەتەکانی بەشداریکردنی کارمەندان لە ئامادەکاری و بڕیاردانی ئەو پرسانەی تایبەتن بە کارمەندان باشتر بکرێن، بۆ نموونە لە ڕێگەی بەشی دابەشکردنی کارمەندانەوە.

پێویستە هەر کارمەندێک، دەرفەتی لایەنی کەم، سێ ڕۆژی خوێندنی تەواوکاری لە ساڵێکدا پێ بدرێت.

کاتێک کارمەندێک شەکەت دەبێت یان تووشی ڕووداوێک دەبێت، گەڕانی چالاکانە بەدوای ڕێگایەکدا کە یارمەتیدەر بێت لە بەردەوامبوونی کارمەندەکە لە کارەکەی، پێویستە. لە ئاڵنگارییەکانی توانای کارکردندا، پێویستە دەرفەت بدرێت بە تاقیکردنەوەی کار و کاری جێگرەوە و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی کارێکی گونجاو.

ئێمە پابەندین بەوەی کار بکەین لە بەرژەوەندیی دەستکەوتەکانی شوێنی کار و شێوازە جیاوازەکانی پاداشتکردن کە پشتگیری لە خۆشگوزەرانی دەکەن، لە هەر شارەوانی و ناوچەیەکی خۆشگوزەرانیدا.

شارەوانییەکان و ناوچەکانی خۆشگوزەرانی ناتوانن ئەرکەکانی خاوەنکارەکان وەک تەندەر بدەنە دەرەوە، بەڵکو دەبێت دڵنیابن لەوەی کە سیاسەتێکی باشی خاوەنکار لە بەدەستهێنانەکان و لە کۆمپانیاکانی خۆشیاندا پەیڕەو دەکرێت.

## له خەمی دەرفەتەکانی خولیا دەبین و هەوڵەکان لە بواری ڕۆشنبیریدا چڕ دەکەینەوە

پێویستە شارەوانییەکان پشتگیری لە وەرزشی ڕۆژانە بکەن و لە خەمی دەستپێڕاگەیشتن و دەرفەتی وەرزشکردنی هەرزان بن و دڵنیا بن لەوەی کە یانەکان و کاریگەرانی تر لەسەر وەرزش، مەرجی پێویستیان بۆ ڕێکخستنی چالاکییەکان تێدایە.

پێویستە پشتگیری لە دەرفەتی خولیای منداڵانی خێزانە کەمداهاتەکان بکرێت بۆ ئەوەی هەموو منداڵێک دەرفەتی لایەنی کەم یەک خولیای بەردەوامی هەبێت. ئامانجمان ئەوەیە کە هەموو منداڵ و گەنجێک دەرفەتی خولیایەکی بەخۆڕایی هەبێت لە ماوەی ڕۆژی خوێندندا.

پێویستە هەموو کەسێک دەرفەتی ئەوەی هەبێت کە گوێی لێ بگیرێت و کاریگەریی لەسەر بڕیاردان سەبارەت بە ژیانی خۆی و ژینگەی نیشتەجێبوونی خۆی، هەبێت.

پێویستە شارەوانییەکان لە خەمی زیندوویی و ئەگەرەکانی کاریگەریی کولتوور و ڕۆشنبیری بن، هەرچەندە حکومەتی وڵاتەکە، بودجەی ڕۆشنبیریی کردووەتە ئامانجی لێبڕینێکی کاریگەر.

پێویستە لە هەر شارەوانییەکدا بەرنامەیەکی کردەیی بۆ کەمکردنەوەی تەنیایی کە کردەوەی بەرجەستە بگرێتە خۆ، دابڕێژرێت.

## شارەوانیی ئەمین و کارا

پێویستە هەموو ناوچەیەکی نیشتەجێبوون و گەڕەکێکی شار و دەوروبەری، شوێنێکی باش و ئەمین بێت بۆ ژیان.
پێویستە شارەوانییەکان، لە ڕێگەی نەخشەسازی و پەیوەندییەکانی گواستنەوە و خزمەتگوزارییەکان و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ بەرهەمهێنانی خانووبەرە بە نرخی گونجاو، ڕێگری لە جیاکاریی ناوچەکانی نیشتەجێبوون بکەن. پێویستە دەرەوەی شار بە باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانیان پەرەیان پێ بدرێت. نابێت شارەوانییەکان، بە ناوچەکانی وەرگرتنی فێرخوازان و هەڵبژاردنی فێرگە، جیاکاریی نێوان فێرگەکان خێراتر بکەن. پێویستە بەپێی پێویست پشتگیری لە فێرگەکان بکرێت.

بەڕای ئێمە پێویستە هەموو کەسێک کە کار دەکات، دەرفەتی نیشتەجێبوونێکی ئاسوودەی هەبێت، تەنانەت لە شارە گەورەکانیشدا. پێویستە شارەکان هەوڵەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی خانووبەرە بە نرخی گونجاو چڕ بکەنەوە و بەرنامەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە جێبەجێ بکەن، کاتێک کە حکومەت بەرهەمهێنانی خانووبەرەی پاڵپشتیکراو لەلایەن دەوڵەتەوە کەم دەکاتەوە و پاڵپشتییەکانی نیشتەجێبوون کەم دەکاتەوە. پێویستە لە خزمەتگوزاریی نیشتەجێبوونی شارەوانیدا ئەو منداڵ و گەنج و خێزانانە لەبەرچاو بگیرێن کە لە پێگەیەکی لاوازتری ئابووریی کۆمەڵایەتیدان.

پێویستە هەتا ساڵی ٢٠٣٠، کۆتاییهێنان بە بێخانوویی لە فینلاند، بکرێتە ئامانج.

پێویستە شارەوانییەکان، هەوڵەکان بۆ چاککردنەوەی شەقامەکان و ڕووناکی و چارەسەری هاتوچۆی ئەمیندا، چڕ بکەنەوە. جگە لەوەش، پێویستە ئەمینیی ڕۆژانە بە پلانی شار و سیاسەتی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییە کاراکان بەهێز بکرێت.

پێویستە شارەوانییەکان لە خەمی پەیوەندییەکانی گواستنەوەی گشتیی گشتگیر و نرخێکی گونجاودا بن، کە ڕۆڵی شارەوانییەکانیش وەک لایەنێکی کاریگەر لەسەر کەشوهەوا بەهێز بکەن. پێویستە شوێنی نیشتەجێبوون بە شێوەیەک پلانی بۆ دابنرێت کە لە ڕێگەی گواستنەوەی گشتی و سووکەوە دەست بە خزمەتگوزاری و خولیا و شوێنی کار، ڕا بگات. دەبێت پلانی کەشوهەوا لە هەموو شارەوانییەکدا دابڕێژرێت.

پێویستە لە ئێستا توندتر مامەڵە لەگەڵ ئەو زیانانە بکرێت کە بەهۆی بەکارهێنانی سکۆتەرە کارەباییەکانەوە دروست دەبن و پێویستە ڕێساکانی بەکارهێنانیان ڕێک بخرێنەوە، بەتایبەتی لە ناوەندی شارەکاندا، بۆ نموونە لە شوێنی وەستانی نیشانەکراودا.

پێویستیی ئەمبولانس یان ئاگرکوژێنەوە پێوەندیی بە شوێنەوە نیە. بۆیە پێویستە لە هەموو شوێنێکی فینلاند، لە خەمی ئاستی خزمەتگوزاری و مەرجەکانی کارکردنی لایەنە فریاگوزارییەکاندا بین.

**Read the full election program of the SDP**